کامە دەسەڵات و کام ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا؟

محەمەدی مشیر
١٥ / ١ / ٢٠٠٧

سیستەمی حوکم لە هەر وڵاتێکدا جۆری حکومەت دەستنیشاندەکات، جۆری حکومەتیش بەشبەحاڵی خۆی جۆرو شێوازی کاری ئۆپۆزیسیون دەستنیشاندەکات. کەواتە تاکو نەزانی باسی چ جۆرە سیستەمێك دەکەیت نازانی لە بەردەم چ جۆرە حکومەتێکدایت، کە نەشزانی چ جۆرە حکومەتێك لە وڵاتەکەدا هەیە ئەوا باشتر وایە نەچیتە سەرباسی ئۆپۆزیسیون.

ئەم باسە کۆمەڵێك تەوەری ئاڵۆز و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێ و بە پێی ئەو ڕێسایەی سەرەوە لەم گوتارە کورتەدا ناکرێ بە تێروپێری تێکڕای تەوەر و بۆچوونەکان بخەیتە بەرباس و لێتۆژینەوە.

سەرەتا کە دێینە سەرباسی ئەم دوو چەمکە (دەسەڵات و ئۆپۆزیسیون)پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکرێ کە باسی سیاسەت دەکەین و لە ڕوانگەی سیستەمی سیاسییەوە دەڕوانینە هەردووکیان، ئەمە لە لایەکیان، لە لایەکی دیکەدا دەبێ باسکردنی ئەم دوو چەمکە لە زەمینەی خەیاڵ و ئایدیای ئەبستراکتدا بهێنرێتە سەر زەمینەی ڕیاڵی کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی واقعی بەردەستدا مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت. بە قسەیەکی دی پێویستە لە واری تیۆرییەوە بهێنرێتە واری پراکتیك‌و لە وێدا تاوتوێ بکرێن.

دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی سیستەمە هاوچەرخەکانی حوکم بۆ دوو جۆر پۆلێن بکرێن:

یەکەم: سیستەمە ڕەها و گشتگیر و داخراوەکان.

دووەم: سیستەمە کراوە و دیموکراتەکان.

بە پێی ئەم دابەشکردنە گشتییە بێت دەرەنجام باسکردنی هەریەك لەو دوو چەمکەش دەگۆڕێت، بەڵام سیستەمی سیاسی هەرچی بێت، ئەوا سروشتی دەسەڵات چ لە سایەی حکومەتێکی ڕەهادا بێت‌و چ لە سایەی حکومەتێکی دیموکراسیدا، چ لە سایەی حوکمێکی ڕەهاو داخراو بێ‌و چ لە سایەی حوکمێکی ناڕەهاو کراوەدا، ئەوا لە یەك خاڵی بنەڕەتیدا یەکدەگرنەوەو کۆکن ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵات ئۆتۆریتە خوازە، بەڵام لەوەی یەکەمیاندا ئۆتۆریتەیەکی ڕەهای هەیە و لەوەی دووەمیشیاندا ئۆتۆریتەیەکی سنووردار و دابەشکراو. ئیدی بەو پێیە بێ لە سایەی دۆخی یەکەمدا ئۆپۆزیسیون بواری جوڵانەوەو چالاکی ئاشکرای نییەو ناچاردەکرێت لە بەرامبەر زەبرو ستەمی دەسەڵاتدا پەنا بباتە بەر شێوازی نهێنی یان چەکداری لە کارەکانیدا، بەمەش بە ناچاری دەبێتە ئۆپۆزیسیونێکی توندوتیژ و بواری گفتوگۆ و دیالۆگی لە بەردەستدا کەمدەکرێتەوە و گۆڕینی دەسەڵات لە وڵاتدا پتر لە ڕێگەی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری یان لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە ئەنجامدەدرێ و ململانێی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیون بە شێوەیەکی توندو تیژو خوێناوی و ئاشتی ناپەزیر خۆی دەسەپێنێت، کەچی لە دۆخی دووەمدا دەکرێ ئاڵۆگۆڕی دەسەڵات بە شێوازی شارستانیانە دەستاودەستی پێبکرێ و ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ بە ئاشکرا کارەکانی ئەنجامبداو ئاشتییانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆ ببێتە دەسەڵاتداری بەیانی و دەسەڵاتداری دوێنێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆ، بۆیە لەم دۆخەدا کەمتر پەنا دەبردرێتە بەر زەبرو زەنگ و ململانێی نێوان هەردوولا بە شێوازێکی نەرمترو سیاسییانەتر لە سایەی یاساکانی وڵاتدا بە ئاکام دەگات. بە وتەیەکی کورتتر دەسەڵات لە دۆخی یەکەمدا ئەوپەڕی زەبروزەنگ بەکاردەهێنێت و سوود لە هەموو شێوازێك وەردەگرێ و تاکو بۆی بلوێ بە هۆی هێزەوە ڕێگە لە سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن دەگرێ و بەتوندی لەباری دەباو تێکیدەشکێنێ، بەڵام لە دۆخی دووەمدا بەگشتی دەسەڵات پابەندە بە کۆمەڵێك بنەمای دەستووری و ناتوانێ لەو چوارچێوەیە دەربچێت و هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە ژیانی سیاسیدا ئاساییترە بە ئاسانی ڕێگەی سەرهەڵدانی لێناگیرێ.لەو دۆخەی دووەمدا خودی ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش بکرێ:

یەکەمیان، ئۆپۆزیسیۆنێك کە بەشداری لە دەسەڵات و کەمینە پێکدەهێنێت لە نێو پەرلەمان و حکومەتدا، بەڵام زۆربەی کات ناتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و پاشکۆی سیاسەتەکانی زۆرینەیە و ناتوانێ کاراو چالاك بێت بۆیە دەکرێ پێی بگوترێت ئۆپۆزیسیۆنی نێگەتیڤ، دووەمیان، ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا لە دەرەوەی دەسەڵاتدایەو بەشدارنییە لە حکومەت و پەرلەماندا جموجۆڵ و چالاکییە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی لە نێو جەماوەری بەرفراوانی وڵاتدا پیادەدەکا و تێدەکۆشێ لەڕێگەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بگاتە دەسەڵات جا چ بەتەنیا بێت یان بە هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لە ڕووی ئایدیۆلۆژی یان هەڵوێستی سیاسییەوە لێکنزیکن ، لێرەدا دەکرێ ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆنە پێی بگوترێت ئۆپۆزیسیۆنێکی پۆزەتیڤ.

لە لایەکی دیکەدا دەکرێ ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووی ئامانجاوە پۆلێن بکرێ بۆ:

یەکەم: ئۆپۆزیسیۆنێك ئامانجی بەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی قەوارەی سیاسییە بۆ ئەو گەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی لێ زەوتکراوە و کاردەکات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی جا چ بەجیابوونەوە بێ یان لە چواچێوەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەدا (سیستەمی فیدراڵ یا کۆنفیدراڵ وەك نموونە). ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیونە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی تازەوە بگرە تا ئەمڕۆکەمان زۆر دەگمەن هەڵکەوتووە لە ڕێگەی ئاشتی و دانوستان و دیپلۆماتییەوە ئارمانجەکانی بەدەستهێنابێ، بەڵکو لە زۆرینەی دۆخەکاندا لە ڕێگەی تێکۆشانی سەخت و شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری و بزاڤی چەکداری درێژخایەنەوە شانبەشانی جموجۆڵی سیاسی گەیشتوتە ئارمانجەکانی.

دووەم: ئۆپۆزیسیۆنێك خودان قەوارەی سیاسییە، واتە کێشە نەتەوایەتییەکەی چارەسەربووە، بەڵام لەو چوارچێوەیەدا کار بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکم لە وڵاتدا دەکا و بەدوای گۆڕانێکی ڕیشەییە، یان لە چواچێوەی هەمان ڕژێمدا هەوڵدەدات دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست و کۆمەڵی ڕیفۆرم ئەنجامبدات. بە پێی ئەم پۆلێن کردنەش ڕاستەخۆ هەرلە ئارادا دەمێنێ. بەڵام ئەمەش لێکدانەوەیەکی ڕەها نییە تا نەکرێ بۆچوونی دیکە هەڵبگرێ، بەڵکو بە شێوازێك لە شێوازەکان دەکرێ ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی تا یەکلابوونەوەی یەکجارەکی کێشەکە لەلایەکیان لەتەك ئەو زۆرینەیەی دەسەڵاتدارە لە هەرێمدا بەرامبەر بە هەوڵەکانی دەرەوە هاوکارو هاو هەڵوێست بێت لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکاندا هەروەك چۆن ئاراستە سیاسییەکان و پارسەنگی هێزەکان لە عێراقی ئێستادا ئەوە دەخوازێت، لە لایەکی دیکەشدا پێویستە ئۆپۆزیسیون نەبێتە پاشکۆی سیاسەتەکانی دەسەڵات و بۆ باشترکردنی دۆخی ناوخۆی کوردستان هەڵوێستی سیاسی ڕۆشەنی هەبێت و خودان کارنامەیەکی سیاسی ڕۆشەن بێت سەبارەت بە چاکسازی بارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و یاساییەکان و.... ، لە ڕەخنەی بوێرو بنایتنەر نەسڵەمێتەوە و ئەڵتەرناتیڤی هەبێت بۆ باشترکردنی باری هاوولاتیان لە تێکڕای بوارەکانی ژیاندا و فشاربکاتە سەر زۆرینەی دەسەڵاتدار لە ناوخۆی هەرێمداو ناچاری بکات چاکسازی لە سەرجەم ئەو بوارانەدا بکرێت کە پێویستیان بە چاکسازییە، بەمەش ئۆپۆزیسیونی کوردستان ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە پێویستە وەك ئەرکێکی نیشتمانی و مێژوویی هەیبێت و ئایندەی وڵات بەرەو ئەو ئاقارە پەلکێش بکات کە هەرچی پتری بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە دەستەبەربکرێت و لە مەترسییەکان بە دووربخرێتەوە، ئەگەر نا بە بۆچوونی من هەر باسکردنێك لە مەڕ ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستانی ئەمڕۆدا دەچێتە خانەی خەیاڵ و دوور لە ڕیاڵی سیاسی ئێستای کوردستان، بەمەش جگە لە بە فیڕۆدانی تواناکان هەرگیز چارەڕوانی ئاکامێکی باشتری لێناکرێت. ئەم قسەیەشم نە بۆ ئەوەیە پەرێزی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان لە هەڵەو کەموکورتییەکان پاکبکەمەوە، نە بۆ ئەوەشە شاباشی دەسەڵاتم بەرکەوێ، بەڵکو ئەمە واقعە و خویندنەوەیەکی دوور لە هەڵپەو ڕیالیستانەی دەوێ، بە دووریشی نازانم کە ئەوەی لای من بە واقع دەزانرێ لای کەسێکی دی بە ناواقع لە قەڵەم بدرێ‌و، ئەوەی نامومکینیشە لای خەڵك لای من بە مومکین بخوێنرێتەوە!

" لە کوردستاندا هێشتا سنووری نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ڕۆشەن نییە و لە سەر زەمینەی واقعدا جۆرێك لە تێکەڵاوی و هاوبەشی لە ئەرك و ئارمانجەکانی هەردوولادا هەیە بۆیە قسەکردن لە سەر هەردوو چەمك لەو حاڵەتەدا کارێکی ئاسان نییە "

ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان تایپێکی نوێ

هەر دروشمێك هەڵدرا مانای ئەوەیە کەنییە!!

سمکۆ محەمەد

کێ دەسەڵاتە و ئۆپۆزسیۆن کێیە؟ ئەو پرنسیپە سیاسیانە چیە کەحزبی ئۆپۆزسیۆنی دەبێت پەیوەست بێت پێی؟ بۆچی ئۆتۆریتە و بنکەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دەبێ جیاوازیان هەبێت؟ بەڕپرسیاریەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی چیە و قەرارى سیاسی لەدەست کێدایە؟ بۆچی تەنها دوو حزبی دەسەڵاتدار چارەنوسی سیاسی خەڵکیان لەدەستدایە و حزبە بچوکەکان پشکیان نیە؟ کێ مافی ئەوەی هەیە ڕای شەقام چالاك بکات؟ ئەم پرسیارانە لەو حزبانە دەکەم کەناوی خۆیان ناوە ئۆپۆزسیۆن و دروست پێچەوانەکەی ڕاستە.

لەو ڕۆژەوەی کەملمانێ نەتەوەیی و چینایەتیەکان لەمێژووی کۆمەڵگەکاندا سەریهەڵداوە، دەسەڵات جێگە و ڕێگەیەکی ئیداری و سیاسی تایبەتی هەبووە، بەهەمان شێوە ئۆپۆزسیۆنیش جێگە و ڕێگە و بنکەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی خۆی هەبووە، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش کێبەرکێکان چوونەتە پێشەوە و کایەکان دەرەنجامیان داوەتە دەستەوە، کەواتە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەنێو کایەی سیاسەتدا دوو پێناسەی جیاواز بەرهەمدێنن، یانی پنتێك نیە لەنێوان ئەو دوو زاراوەیەدا، هەموو دونیا هێزو گروپی ئۆپۆزسیۆنی هەیە، لەفەلەستین بزووتنەوەی فەتح و حەماس، دوو بەرەی جیاوازی ئۆپۆزسیۆنن، لەبەرامبەریشدا حکومەت هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کەئیسرائیل دوژمنی سەرەکی دەیەها ساڵە، کەچی ئەم ئۆپۆزسیۆنانە چ ئیشکالیەتێکی سیاسی وەهایان دروست نەکردووە کەفەلەستینیەکان بترسێنێ، ئەوەی لەکوردستان هەیە خراپ کەڵك وەرگرتنە لەو گوتارە عاتیفیەی کەبەناوی نەتەوەییەوە کاری لەسەر دەکرێت، گوایە لەئێستادا دوژمنەکانی دەروبەر کەڵکی لێوەردەگرن، هەروەك چۆن لەئوردن و میسر و سوریا خولقاوە و دەسەڵات لەڕێگای ئەو گوتارەوە حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانی پێ بارهێنراوە، بەمەش قەناعەت بەکەسانی سیاسی و حزبە بچوکەکانیش کراوە، گوایە دەبێت ئۆپۆزسیۆن وەها بێت، بەو مانایەی دوو جۆر ئۆپۆزسیۆن هەیە، یەکێك لەوانە دەکرێت ئۆپۆزسیۆنی هاوکار و چاکساز بێت و لەحکومەتدا پشکداری بکات، ئەوی تر دژە دەسەڵاتە و مەترسی لەسەر ئەمنی قەومی دادەنێت، ئەم واقیعەی ئێمە لەباری سیاسیەوە ئەو مۆدێلە پیادە دەکات کەلەوڵاتانی دەرو بەر هەن، هەر بۆیە حزبە بچوکەکان خۆشیان لەتوانایاندا نیە وەڵامی پێبدەنەوە، هەروەك چۆن شەرمەندە بوون لەبەرامبەر پرسیاری ئەندامەکانی خۆیان لەبارەی ئەوەی تاکتیك و ستراتیژی حزبەکەیان وەك ئۆپۆزسیۆن دیار نیە، ئەگەر کەسێك بیبەوێ لەباری مەیدانیەوە ئامارێك وەربگرێت، لەسەراسەری کوچەو کۆڵانی شارەکانی کوردستاندا، بارەگای حزب و ڕێکخراوەی پاشکۆی حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدارێتی کوردستان دەبینێت، ئەمە جگە لەڕێکخراوە و دەزگای بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی کەهەردوو حزبی دەسەڵاتدارێتی کوردستان دایان مەزراندوون و نەزیفی داهاتیان دروست کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی سیاسی و جەماوەری تەندروستیان هەبێت.

سیاسەت ئێستا لەکوردستان بەشێك لەبازاڕە گرنگەکان پێکدێنێت، بازاڕێك کەبەنەفعی بازرگانە شارەزا سیاسەکانی پارتی و یەکێتی بەپلەی یەکەم و بازرگانەکانی حزبە بچووکەکان بەپلەی دوو، بۆ ئەمەش هەرچی ڕایگەیاندن و ڕێکخراوەکانیش هەیە هەڵیان خراونوون تەرویج بۆئەو سیاسەتە بکەن، سیاسەتێك کەتەنها سیاسەت نیە، بەڵکو فریودانی خەڵکەو هیچی تر.

خۆیەکلایی کردنەوە لەسیاسەتدا مەرجی سەرەکی حزبیەتە، هەموومان ئەوە دەزانین کەپارتی و یەکێتی بەناوی گوتاری نەتەوەییەوە، خراپ کەڵکیان لەئۆپۆزسیۆن وەرگرتووە، بۆئەمەش دیسان خراپ کەڵکیان لەوحزبانە وەرگرتووە کەخۆیان بەئۆپۆزسیۆن لەقەڵەمدەدەن، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو حزبانە هەم نەیانتوانیوە وەڵام بەهەوادار و لایەنگران و تەنزیمەکانی خۆیان بدەنەوە، هەم نەیانتوانیوە حزبی ئەو خەڵکانە بن کەلانی کەم بەناو پێشڕەوایەتیان دەکەن، ئەمە جگە لەوەی کەنەلەنێو پەرلەمان و نەلەنێو حکومەتدا، حزبە بچوکەکان لەباری سیاسیەوە پێناسەیەکیان نیە، چونکە ئەم واقیعە لەوە ڕۆشنترە کەحزبەکان ترسی ئەوەیان لێبنیشێت، ئەگەر ڕەخنە بگرن و قسەی ڕاستەوخۆ بکەن بەرامبەر دەسەڵات، دواجار بودجەکەیان دەبڕن، هەر ئەوەی ئێستا پێنج حزبی کوردستانی بەیانێکیان داوەتە سەرۆکایەتی هەرێم گوایە قسەیان لەوەزعی کوردستان و عێراق کردووە، بەڵام ڕاستیەکەی کۆبوونەوەکەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوەزعی مالیاتی حزبەکانەوە هەبووە، یەعنی هەر ئەوەبووە کەبودجەکانیان دواخراوە و ئەوە ئیختیاری خۆمانە و دەبێت هەڵکەین لەتەکیدا) حزبە بچوکە بەناو ئۆرپۆزسیۆنەکانی ئێمە، وەك ئەوەی بەزۆر و بەمیرات بۆیان مابێتەوە دەبێت درێژە بەتەمەنی حزبەکەیان بدەن، دان بەوەدا نانێن کەوەزعی سیاسی ژێر دەسەڵاتی دوو حزبەکەی کوردستان لەبار نیە. ئەم هەقیقەتە هەموو کەس و تەنانەت خۆشیان دەیزانن.

نەلە زستان نەوت هەیە، نەلەهاوین کاربا هەیە، ئەمە شارەزایی و ئابوریناسی ناوێ کەناعەدالەتی گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی بەشێوەیەکی زەق چینەکان دابەش بوونەتە سەر دەوڵەمەند و هەژار، گەڕەکی دەوڵەمەند و هەژارەکان، کوێریش هەستی پێدەکات کەئەمە بەشێکە لەگەندەڵی دەسەڵات و بشکداری حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان. بەرز بوونەوەی دەنگی نارەزایەتی و نەبوونی حزبێکی پێشڕەو، باشترین سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کەحزبە بەناو چەپەکان، حزبی خەڵك نین، بۆیە ئۆتۆریتەی سیاسی و جەماوەریان نیە.

کۆنترۆڵ کردنی ئیدارە و سیاسەت لەکوردستان لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە، کەڵك وەرگرتنە لەسایکۆلۆژیای سەرکردایەتی حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان و ئیدیۆلۆژیەکانیان، لەسەر ئاستی ئیدیۆلۆژیا کاریان لەسەر ئەو نەغمە سیاسیە کردووە کەئەگەر هەر حزبێك چەپ و شیوعی بوبێت، ترسێنراوە بەئایین و کولتوور، بۆئەمەش لەکاتی خۆیدا وەڵامی جەماوەریان پێداوەتەوە، ئەوانەش کەنەغمەی ئایینی سیاسیان هەبووە، بەبەرەی تیرۆر لەقەڵەمیان داون، ئەمەش بووەتە جێگەی ترسی سەرکردایەتی سیاسی حزبەکان و ئەو خەڵکەش کەلەدەوریان کۆبوونەتەوە، ئەوەش کەمالیات و پوڵ لەچنگی پارتی و یەکێتی بووە، بەشێکی گەورەی ئەو پانتاییەی داگیرکردووە کەپێناسەی ئۆپۆزسیۆن لەو حزبانە وەربگرێتەوە کەناویان لەخۆناوە ئۆپۆزسیۆن، من لەزاری سەرکردایەتی حزبە بچوکەکانی کوردستان خۆیانەوە بیستورمە، (ئەگەر قسە بکەین و مەوقیعی کەمکراوەتەوە، هەڵبەت هەر ئەمە بەسە بۆئەوەی بزانین بۆچی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بوونی نیە؟ بۆچی لەبەرامبەر هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و ئیدارەی ناوخۆی کوردستان و ناعەدالەتی و کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ ورتەیان لێوە نایەت، هیچ فەلسەفە و فکر و موناقەشەی ناوێ کەسیاسی بوون دەرەنجامی خراپ و ترسناکی هەیە، قسەیەکی لینین هەیە دەڵێ: (هیچ کەس لەئێمە بەزۆر بانگهێشتی نێو کایەی سیاسەت نەکراوە، بەڵکو سیاسی خۆمان دیاری بکەین و ڕایگەیەنین ئۆپۆزسیۆنی ئەم دەسەڵاتەین نامان دەبڕن و ئەو بارەگایانەشمان نامێنێ کەئێستا هەمانە) ئەمە قسەی سەر زاری سەرکردە سیاسیەکانی حزبە بچوکەکانە، باشە حزبێك هەمیشە ترسی ئەوەی هەبێت بودجەکەی ببڕن و کاریگەری لەسەر بنکە کۆمەڵایەتیەکەی ببێت، دەبێت چ جۆرە سیاسەتێك بێت و چ ئۆپۆزسیۆنێك بێت؟!.

" شارەزایی و ئابوریناسی ناوێ کەناعەدالەتی گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی بەشێوەیەکی زەق چینەکان دابەش بوونەتە سەر دەوڵەمەند و هەژار، گەڕەکی دەوڵەمەند و هەژارەکان، کوێریش هەستی پێدەکات کەئەمە بەشێکە لەگەندەڵی دەسەڵات و بشکداری حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان "

فەرهەنگی ڕێگا

ئامۆڕاڵیزم
Amoralism

زاراوەی ئامۆڕاڵیزم لە پێشگری (A) کەبە واتای ڕەتکردنەوەو، (Moral) بە مانای ڕەوشت پێکهاتووە، بەهەردووکیان واتای ڕەتکردنەوەی چاکەو ئابڕومەندێ‌و بەها ڕەوشتییەکان دەبەخشن.. ئیدی ئەو کەسەی چاکەو ئابڕوو لەبەر چاونەگرێ‌و بنەما ئەخلاقییەکان پێشێل بکات ئامادەیی ئەوەشی دەبێ کە هەموو کردارێکی نامرۆڤانە ئەنجام بدات‌و زوڵم‌و ستەم‌و خراپەکاری‌و دڵڕەقی بکاتە پیشە، هەرچەندە ئەم قوتابخانەیە ئەمڕۆ لە جیهاندا کەلێك لایەنگری هەیە، بەڵام لە سەردەمی ڕێنیسانیسدا لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە بەشێوەیەکی فەرمی‌و ئاشکرا پشتیوانیان لەم ڕێبازە دەکردو هەوڵی پەرەپێدانیان دەداو، لەوباوەڕەدابوون کەخوڕەوشتی مرۆڤ دەبێ ملکەچی ئامانج‌و خواستە سیاسییەکانی بێت‌و، بۆ سەرکەوتن لە کاروباری سیاسی نابێ لەهیچ کردارێکی نامرۆییانە سڵ بکرێتەوە.

*بەسوود وەرگرتن لە فەرهەنگی ڕامیاری (نیگا) ئامادەکراوە کە لە ئامادەکردن‌و وەرگێڕانی (ئازاد وەڵەدبەگی)یە.